www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 28-6-2006 16:13

# رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەكان و كەمانچە رەشەكەو (بەراووردێک) ... غەفور سالح عەبدوڵڵا

**قەیرانی خوێنەر.. یان قەیرانی ئەدەب.. ؟**

**كورد لە كۆمەڵێ كێشەو قەیران و گەندەڵێدا دەژی، گەندەڵی سیاسی، گەندەڵی ئیداری و گەندەڵی ئەدەبی و رۆشنبیریشی هاتە سەر، ئێمە بەتەمای ئەوەی داهاتووین كە چارەسەرێک بۆ گەندەڵی سیاسی و ئیداری و ئابووری بدۆزێتەوەو ئیدی لێیان بی دەنگە نەبن، كەچی ئێستا نەوەیەک لە ئارادایە نەک بێدەنگە لەبەرامبەر ئەو گەندەڵیانە، بگرە چەپڵە بۆ گەندەڵی ئەدەبیش لی دەدەن و ئەو گەندەڵیە دەكەنە ئەمری واقیع، دیارە ئەم نەوەیەش ئەولادی عەسرن و دەروێش ئاسا هەڵس وكەوت دەكەن، بۆیە دەبینین زۆریان لەسەر تەختەی شانۆو مینبەرەكاندا چوارمشقی لەدەوری شێخی تەریقەتیان دادەنیشن و بەبی فزە گوێی لی دەگرن و خڕ چەپڵەی بۆ لێدەدەن بی ئەوەی لە زمانی حاڵی ببن، لەسەدا نەوەدی ئەم نەوەیە لەزمانی كوردی قوتابخانە زیاتر هیچ زمانێكی دیكە نازانێ، بۆیە نازانێ ئەوشتەی كە چەپڵەی بۆ لێدەدات لەكوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ دیارە رۆحی دەروێشی و نەخوێندنەوە ئەوەندە قووڵە بۆیە هەرچەنێ باسی حەقیقەتەكانی شێخی تەریقەتەكەی بكەیت دەروێشەكان بروات پی ناكەن، ئەگەر بە بەڵگەش ئەو حەقیقەتانە بسەلمێنی، بۆیە ئەم قەیرانە ئەدەبی كوردی پێش هەموو شتێک بەرەو هەڵدێرێكی خەتەرناک دەبات، ئەگەر بەزوویی پسپۆران و خەمخۆران فریای نەكەون، چونكی لەپاشەرۆژدا، ئەگەر راستیەكان دەركەوتن ئەوا بی دەنگەكان تاوانبارن و وەكو دەڵێن مێژوویش بەكەس رەحم ناكات. ئەو خوێنەرەی دوای راپەرین پەیابوو، بەتایبەتیش لە دەڤەری سلێمانی لەزمانی كوردی قوتابخانەكان بەولاوە زمانێكی دیكە نازانێ، ئەگەریش بیزانێ لەبواری ئەدەب بەكاری ناهێنێ، بۆیە ئەگەریش بخوێننەوە دەبی ئەو كتێبە وەرگێڕدراوە سەقەتانە بۆسەر زمانی كوردی بخوێننەوە، یان هەندێ نووسینی زۆر ئاست نزم كە شایانی ئەوەنین بنیادەم چاوی خۆی پێیانەوە بیەشێنێت، چونكی تەمەنی ئەدەبی هاوچەرخی كوردی زۆر كەمە، هەر لەساڵی حەفتاوە دەست پی دەكات یان دوای راپەرینیش، برادەرێكی نوسەر قسەیەكی هەیە دەڵێ ئەدەبی كوردی باری قەڵێكە، بۆیە ئەو خوێنەرە دەسە پاچەیەو هیچ شتێكی راستی لەسەرچاوەی خۆیەوە پی ناگات، من بەش بەحاڵی خۆم بەدوو زمان دەخوێنمەوە عەرەبی و كوردی و دەشنووسم، بێگومان زمانی عەرەبی پردێكی چاكە، یان دەرگایەكی چاكە لە رووی خوێنەری كورد تا بتوانێ زۆربەی بەرهەمە ئەدەبیەكانی جیهان بخوێنێتەوە، چونكی لەنزیكەی بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبیدا دامەزراوی فیكری و رۆشنبیریی و وەرگێڕان و چاپ كردن هەیە، هەموو ئەم دامەزراوانەش شاكارو غەیرە شاكارەكانی میللەتانی دنیا دەكەن بە عەرەبی، دیارە خەڵكی خوێنەری عەرەب زمانیش دەتوانێ لەم رێگەوە ئەو پردە لەنێوان خۆی و داهێنانەكانی دنیای ئەدەبی جیهانی بەكۆن و هاوچەرخ و نوێیشەوە دروست بكات و، دەزانێ لە دنیا چی روودەدات، بۆیە ئەوانەی زمانگەلی دیكە جگە لە كوردی دەزانن، بیانەوێ دەتوانن بەچاكی فێڵ لە خوێنەری كورد بكەن و وەكو چەند كەسێک لەمەوبەر ئەو فێڵەیان لەخوێنەری كوردی زمان نەزان كردوە، تاماوەیەكیش ئەو بەرهەمانە هەوادرایان هەبووەو خوێنەری كوردیش پی شاگەشگەبوون، هەركە بۆشیان ئاشكرا كراوە كە ئەو بەرهەمانە كوردی نین و بیانین، پەنجەی پەشیمانیان گەستووە. بۆیە ئەمڕۆ خەمخۆران و رۆشنبیرە حەقیقیەكان لەبەردەم ئەركێكی نەتەوەیی و مێژووین بۆ رێگەگرتن لەفێڵ كردن لەخوێنەری كوردی ئێستای دوای راپەرین یان ئەو خوێنەرە كەلەسەدەی بیست و یەكدا دروست دەبی و ئاشكراكردنی ئەو ئیقتیباس و وەرگرتنانە لە ئەدەبی میللەتانی دیكەوەو كردنی بەماڵ بەسەر ئەدەبی كوردیدا.. فرانسوا ساگان كەیەكێک بوو لە كەڵە نوسەرانی فەرەنسا، دوای ئەوەی ئاشكرا بوو كە رۆمانێكی هەیە بەناوی (سەگ) لەكەسێكی دیكەوە وەریگرتبوو، لەدادگا شكاتی لی كراو سزادراو رۆمانەكەشی لە بازار كۆكرایەوە سەرەڕای ناوزڕانی خۆی لە بازاری ئەدەبداو متمانەی نەما لەلای خوێنەری فەرەنسی، چونكی پێیان وایە هەموو نووسینەكانی پێشوویشی هی خۆی نییەو لەكەسانی دیكەوە وەریگرتوون، كە ئێستا پێی دەڵێن دزی ئەدەبی. بۆ مەسەلەی (تەناێ) یش زۆربەمان قەسیدەی (وێرانە خاک) ی (ئەلیووت) مان خوێندوەتەوە، هەیە بەزمانی ئینگلیزی خوێندویەتیەوە یان بەفارسی و یان بەعەرەبی. ئەلیووت قەسیدەكەی بە (ئەزرا پاوەند) پێشكەش كردووەو پێی دەڵێ خولقێنەری لێهاتوو، دەبینین هەر بڕگەیە یان دووبەیت لەو قەسیدەیە ئەلیووت ژێدەر یان پەراوێزی بۆ نووسیوە كە لەچیەوە وەریگرتووە، بۆ نموونە باسی سفرەكانی ئینجیل و تەوراتی كردوە. بۆیە داهێنەری رۆژئاوایی یان بیانی زۆر بە ئینساف و مولتەزیمن بە بەهرەكەی خۆیانەوە كە ئیشێ دەنووسن دەڵێن ئەم ئیشە، رۆمان بی یان شیعر كارتێكردنی دەقی فلانی بەسەرەوەیە. بۆ نموونە (ولیەم گۆڵدنیک) رۆماننوسێكی بەریتانیەو چەندین رۆمانی هەیەو خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە لە ساڵی 1990دا لەسەر رۆمانی (پادشای مێش) خۆی روونكردنەوەیەكی داوە لەسەر ئەم رۆمانە هەر لەسەر دوا بەرگی رۆمانەكە دەڵێ (من چیرۆكی ئەم رۆمانەم لە چیرۆكی رۆمانێكی سەدەی هەژدەم وەرگرتووە،**

بەڵام پاڵەوانەکانی ئەو منداڵن، پاڵەوانەکانی رۆمانەکەی من گەورەن.. ئەدیب و نوسەری بیانی یان رۆژئاوایی و ئاوها بەویژدانەوە دەنووسی و قسە دەکات، بەڵام رۆژهەڵاتە نەگریسەی ئێمەشدا دەیان شتی ئەو رۆژئاواییانە وەردەگرین بی ئەوەی ئاماژەیەکی بچووکیش بدەین، کە بڵێین کارتێکردنی فڵان کەسمان بەسەرەوەیە. ئەمە پێی دەڵێن ئەمانەتی ئەدەبی هەرکەسی ئەم ئەمانەتەی لەلانەبی رۆژێک لە رۆژان دێت و ئاشکرا دەبی، ئەوساش مێژوو رەحم بەکەس ناکات.

## قەیرانەکە لێرەوە دەست پێدەکات

بەراستی رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) سەرەرای کەم کووریەکانی، سەرەرای بی پشت بەستن بە بنەماو هونەری رۆمان، وەکو حیکایەتێک زیاتر خۆی دەخاتە بەرچاو، ، حیبکەکەی سەرکەتووە هەرچەنێ خوێنەر تووشی وەڕزی دەکات.

دیارە کاک بەختیار عەلی زۆر سوودی لە خوێندنەوەکانی خۆی وەرگرتووە، دوو سی زمان بەچاکی دەزانێ وەکو عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و بەم دوایەش ئەڵمانی، دیارە کارتێکردنی ئەو خوێندنەوە زۆرانەی زۆر بەسەرەوەیە بۆیە خوێنەری شارەزای ئەدەبی جیهانی بەتایبەت رۆمان و داستان و شیعرو شانۆ، هەستدەکات کارتێکردنەکان زۆر زەقن و گەیشتوونەتە رادەی وەرگرتن و قەرسەنە، بەبی ئاماژە کردن و ناشتوانین ناوی لی بنێین (تەناێ) واتا بەکوردی دەق ئاوێزان بەکارهاتووە، چونکی (تەناێ) ، یاخود دەق ئاوێتەکردنە نێو دەقێکی دیکە دەبی نوسەر ئاماژە بەو دەقانە بدات، بەڵام بەداخەوە کاک بەختیار عەلی ئەمەی نەکردوە، وەک بڵێی سەرجەم خوێنەرانی کورد بەگێل و نەخوێنەوار بزانێت، لەمەشدا حەقی خۆیەتی وەها بیر بکاتەوە...!! پێش ئەو کۆڕەی کاک بەختیار عەلی لە رۆژی سێشەممە 2006/1/17 بۆ رۆمانەکەی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کردبووی، کە خۆی و کاک شێرزادحەسەن پێشبینی ئەوەیان کردوە کە ئەم رۆمانەش رووبەرووی دزی ئەدەبی ببێتەوە، من لە خوێندنەوەی هەردوو رۆمانەکە ببوومەوە، ئەو نووسینەش دوای ئەو کۆڕە نوسراوە، گەرچی ئەو قسەیەی ئەوان خۆی لەخۆیدا دەست پێشخەریە وەکو دوورخستنەوەی تۆمەتی دزی لە رۆمانەکەش وایە، من تەنها شتەکان وەکو خۆیان دەخەمە بەرچاو، ئەوجا خوێنەری وردو لێهاتوو، دەرویش ئاسانا، خۆی سەرپشک دەبی، ئەم دیاردەیەش زیاتر تووشی کورد هاتووە.

* *

رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) حیبکەی سەرەکی رۆمانەکە مۆسیقایە، پاڵەوانەکەشی سەرەتا منداڵەو دواجار گەورە دەبێ دەبێتە لاو، ناوی (جەلادەتی کۆترە) ، ئیدی رووداوەکانی دیکەو پاڵەوانەکە لەدەوری ئەو مۆسیقایە دەسوورێنەوە جەلادەتی کۆتر ئاشقی فلووت ژەنین دەبی لە رێگەی مامۆستایەکی دراوسێیان کە هەموو رۆژێک لەژێردارتوویەکی گەورە فلووت لی دەداو جەلادەتیش دەچێتە سەر پەیژەکە گوێی لی دەگرێت، پیاوێکی باریکی ریش درێژ، مامۆستا سەرمەد هەرکاتێک فلووتە سپییە بچووکەکەی دابنایە، زەردەخەنەیەکی بچووکی بۆ جەلادەت دەگرت (کەس بیری نایەت مامۆستا سەرمەد جارێک قسەی لەگەڵ جەلادەتی منداڵدا کردبێت، پەیوەندی ئەو دووانە هەرگیز لە سنووری ئەو زەردەخەنەیە تێنەپەریوە) ل15.

ئیدی بۆ یەکەمجاریش کە فلووتەکە دەدەنە دەستی یەکسەر ئاوازی قەشەنگ لێدەداوبۆ یەکەمجار خەڵکی سەرسام دەکات، هەر دوای مەرگی مامۆستا سەرمەد توانای فلووت ژەنینی منداڵەکە بەدەر دەکەوێت، باوکیشی هەر زوو دەیخاتە کۆرسێکی مۆسیقاوە، لە ماوەیەکی کورتدا وەکو پاڵەوانێکی نەتەوەیی سەیری دەکەن، شەوو رۆژ گوێی لە سۆناتاو سەمفۆنیاکانی دەنیا دەگرت و بەبیستن دەیتوانی پەنجەی عازیفەکان جیابکاتەوە، ئینجا برادەرێکی دیکەی بۆ پەیا دەبێت کە ئەویش فلووت ژەنە بەناوی (سەرهەنگ قاسم) ، دواجاریش ئێوارەیەک (ئیسحاقی لیۆزێرین) دەناسێ و وەکو مامۆستایەکی پیری مۆسیقا خۆی پی دەناسێنێ، لەسەر سنوورەوە هاتووە بەدوای قوتابی مۆسیقاوە بگەڕێت، تابتوانێ مۆسیقاو حیکمەتەکانی خۆیان فێر بکات، دەبنە دوو مۆسیقار هەموو شتێک تووڕ دەدەن وبە تەنها بۆ مۆسیقادەژین، بۆیە جەلادەتی کۆتر بڕیار دەدات بۆ قوڵتر فێربوونی مۆسیقا دوای ئیسحاقی لیۆ زێرین دەکەوێت، ئینجا جەلادەت وسەرهەنگ قاسم گوێ بیستی هەواڵەکانی جەنگ دەبن، واتا هەواڵەکانی جەنگی نێوان عیراق و ئێران، ئیدی رۆژانە جەنگ بە بەردەوامی نزیک دەبووەوە تا دەگەیشتە ئەو شارۆچکەیەی جەلادەت و سەرهەنگ و ئیسحاقی لی بوو، ئیدی هەموو دەڤەرو گوندەکان چۆڵی دەکەن، بۆردومان دەست پی دەکات و سوپای دەوڵەت دەرژێتە کوچەو کۆڵانی ئەو شارۆچکەیەوە تا لە رێگای گەرانیان رێگایان دەکەوێتە شەڕگەکان و ناو مەفرەزەی پێشمەرگەی بچووکەوە کۆمەکەکانیان دەکەن یان مۆسیقایان بۆ دەژنن و بریندارەکانیش خۆشیان لەو ئاوازانە دێت، دواجار دەکەونە بۆسەی سەربازانی عیراقەوە، ئیسحاق وسەرهەنگ دەکوژرێن و جەلادەت بریندار دەبی تا لەشارێک بەئاگادێتەوە وەکو خۆی دەڵێ (نەمدەزانی کە بریندارم، بیرم لای هیچ زامێک نەبوو، یا دەوەریشم ئیشی نەدەکرد) ل71 دەکەوێتە ناو تاریکی و

زوڵمەتەوە دواجاریش کچێک لەجلی فریشتەکاندا لەسەقفی ژوورەکەیەوە بە پەیژەیەکی ئاسنیندا دادبەزی کەناوی دالیا سیراجەدینە، بی ئەوەی پرسی پی بکات وەک یەکێ دڵداری خۆی ماچ بکات و لێوی دەهێنێ و ماچی دەکات. بێگومان ئەو شارەیش کە تێیدا دەگیرسێتەوە شارێکی باشوری عیراقەو تەنها خۆی و دالیا لەوشارەدا کوردی قسە دەکەن ئەنجا لەوێ دکتۆر موسای بابەک دەناسی و تیماری دەکات و دەبێتە برادەری، بابەک ماوەی بیست پێنج ساڵ لەو شارە دکتۆرە شاری تەپوتۆزە زەردەکان یان شاری سۆزانیەکان، ئینجاش چیرۆکی باسم جەزائیری ئەو کوڕە عەرەبەی کە یەکەمین عەشق و گەورەترین عەشقی دالیا سیراجەدین بوو، دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێ و سەرنگووم دەکرێ دالیا لەشی خۆی دەکاتە باجی دۆزینەوەو سەرو سوراغی باسم و دەبێتە سۆزانی لەو رێگەیەوە، بەڵام بی سوود دەبی دوای چەند ساڵێک دەگەڕێتەوە بۆماڵ وبراکانی بریار دەدەن بە ئارامی بیکوژن، ئەنجام لە گوندێکی خاپوور کراودا دەیخەنە بیرێکەوەو خۆیان بەگریان دەگەڕێنەوە، چەند رۆژێک لە بنی بیرەکەدا دەمێنێتەوە، دوجار کاروانێکی قاچاخچییەکان کە لە بەفردا رێ هەڵە دەکەن دەچنە سەر بیرەکەو دەردەهێنن.

ئیدیش ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، پتر پەیوەندی، لەگەڵ جەلادەت توندو تۆڵ دەکات، ئەنجامیش لە ساڵۆن یان تیاتری (پرتەقاڵی سپی) دەگیرسێتەوە، ئەنجاش دۆزینەوەی ژێرخانەکەی موسای بابەک کەزیاتر لەوەرشەیەکی تابلۆ دەچوو وەکو مۆزەخانەیەکی بچووک، بۆیە لەم کەین و بەینەدا جەلادەت مۆسیقای لەبیردەچێتەوە یان دەیەوێ لە بیری خۆی بەرێتەوە، ئەنجاش چیرۆکی سامیری بابلی کە نەقیبێکی دەزگای سیخوری بووە ساڵی1989 لە کۆدەتاکەی سەتەم ئەلجبوری بەشدار دەبی بۆ کوشتنی سەدامی دیکتاتۆرو ئەنجامیش لە تاوانەکانی خۆی پەشیمان بووەتەوەو جەلادەتی کۆتر لەکاتی بریندار بوونا رزگار دەکات و دەیگەیەنێتە ئەو شارە تەپوتۆزاویەی باشوورو جۆرە ئاشنایەتیەک لەنێوانیان پەیدا دەبی ئیدی چیرۆکی خۆی و یانزە براکەی و خەونی ئەو دەسەگەی کە بەدوایەوە بوون و راویان دەنا، دوای ئەوەی لە شارێکی کوردستان دەیان تاوانی قێزەوەن دژ بەخەڵکی ئەنجام دەدات وپیاوێکی دڕندەی رژێم بوو، دوای ئەوەی بەقسەی لەهەوڵێکی کوشتنی دیکتاتۆر بەشداری دەکات و سەرکەوتوو نابێت و هەڵدێت و شار بەشار تادەگاتە ئەو شارە تەپووتۆزاویە زەردە، هەروەها چیرۆکی خۆیو بیلالی بابلی دەگێرێتەوەو وەسیەتەکەی باوکی دەداتی کەبچێتە کۆلیژی سەربازی چونکی ئەوان دوژمنیان زۆر بووە لەمەشقدا فێری سەربرین و پیاو کوشتن دەبێت و لە ژورێکدا لەگەڵ جەلادەت دەژیا، ئەویش عاشقی فلووت دەبی لە رێگەی دەنگیئەو فلووتەوە کە نەیدەزانی لە چ ماڵ و کۆڵانێکەوە دێت، ئیدی بەقسەی خۆی خۆی دەداتە دەستی ئەو مۆسیقا سیحراوییەی کە رۆحی لە تەپوتۆزی تاریکی و خوێنرێژی چەندەها ساڵ رزگار کرد، ئیدی بەیانیەکیان سامیری بابلی جەلادەت بەجی دێلی و بەقسەی خۆی دەچی بەدوای نهێنێ گەورەدا بگەرێت ئەنجا جەلادەت خۆی دەبێتە پاڵەوانی رووداوەکەی شەهید کارزان و هاورێکانی کە لەساڵی 1973 لە رێگای نێوان کەرکووک هەولێر بەرووداوی ئۆتۆمبیل زۆربەی ئەندامانی ئەو تیپە مۆسیقیە منداڵە تیاچوون و شەهیدبوون بێگومان شەهید کارزان کەمانچە ژەنێکی دەدوانزە ساڵانی بلیمەت بوو، ئینجا کە جەلادەت لەورووداوە رزگاری دەبێت بەرەو شارێک دەروا لەوێ مۆسیقارێک بەگیتارێکەوە هاوار دەکات (بەخێر بێن بۆ شاری ئێمە بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان) .

ئەنجا مەسەلەی ئەنفال و زیندە بەچاڵکردنی ئەنفالکراوەکان لەو بیابانەدا، دواجار زیندوو بوونەوەی ئەو زیندەبەچاڵکراوانە ئەو کوردانەن کە لەباکوورەوە دەیانهێنن و لەو دەشتانە دەیانکوژن، دالیاو جەلادەت لەو سەروبەندەدا دەبنە شایەتحاڵی ئەنفال، دالیا چەند شەوێک ئەو کوژراوانە دەبینێت کە بەدەست و پلی تۆزاوی و بە بەرگی خوێنینەوە دێن و لەناو ئەو سەردابەدا دەیکەنە هەڵایەکی گەورە، وەکو وتمان هەروەکو جەلادەت خۆی دەڵێ: هاورێکانیان کوشتم مەبەست لەسەرهەنگ قاسم و ئیسحاقی لێو زێرینە، داوجاریش خۆی بریندار دەبی و نەقیبێکی خوێنرێژی وەکو سامیری بابلی رزگاری دەکات و دەیبات بۆ ئەو شارە تەپوتۆزاویە زەردە، جەلادەت خۆی دەڵێ زۆربەی ئامێرە هەوایەکان دەزانم و هەندێک لەوەتەریەکانیش، ئەنجا بەسەرهاتی شارۆخ مەهدی شارۆخ کە ئەویش مۆسیقا ژەنە ئەویش لەمنداڵیەوە هەستدەکات کە بچی بۆ ئەوشارە ئەویش پێیوایە مۆسیقا هیوا دروستدەکات ئەنجا لەناوەراستی هاویندا جەنگێکی دیکە ترسناک لە باشووری باشوور هەڵدەگیرسی، دیارە ئەویش مانگی ئابی (1990) ە کە سوپاکەی سەدام دەوڵەتێکی بچووکی وەکو کوێتی داگیرکردو ئینجا باسی هاتنی سوپای هاوپەیمانەکان بۆ ئاوەکانی کەنداوو ناوچەکە بۆ دەرپەڕاندنی سوپاکەی سەدام لە کوێت، وەسفکردنی ئەوبارودۆخە سەربازیەی کەلەو ماوەیەدا لەناوچەکە روویاندا، ئەنجا جەلادەت دەبێتە شایەد حاڵی ئەو جەنگەش، جەنگی نێوان سوپای عیراق و سوپای هاوپەیمانان، هەروەها دکتۆر موسای بابەکیش دوای شکستخواردنی سوپای عیراق و وەدەرنانی لەکوێت بێگومان دەستپێکردنی راپەرینە لە باشوور، هەروەها بەکارهێنانی ئەو هەموو دروشمانەی کە خەڵکی راپەریو بەکاریان دەهێنا، دواجار ئەو هەرەج و مەرەجەی کەلەکاتی راپەرین لەشارەکانی باشوور روویاندابوو، رۆماننوس ئەمانەی هەموو بەدوورو درێژی نووسیوەتەوە، وەکو بەربوونی زیندانیەکان و ئازاد بوونیان و پەلاماردانی بارەگاکانی حیزبی دسەڵاتدار لەوشارانە کوشتنی ئەندامەکانی و سەرکردەکانی

بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە هەروەکو هەموو ئەوەمان بیستووەو باسیان دەکرد، بۆشمان دەرکەوت کە ئەو شەڕە شەڕێکی دۆڕاوبوو، ئەگەر ئێستا کارەکتەرێکی وەکو جەلادەت بانگەشەی ئەوە بکات لەدەقێکدا هیچ کاریگەری خۆی نییە، چونکی پێشەکی ئەو مەسەلەیە وەکو مێژوو روویداوە، ئینجا پەلامارەکانی گاردی کۆماری دەوڵەتی عیراق بۆ سەر شارە راپەریوەکان و سەرکوتکردنێکی بەشێوەیەکی دڕندانەی بی وێنە دەڵێ: (ئاگر ببە بەسەرماو سەلامەتی بۆ ئێمە) ئەمە تەرجەمەیەکی سەقەتی ئەم دێرە عەرەبییەی قورئانە کە دەڵێ: (یا نار کونی بردا وسلاما) . یان ئەو ژنە باڵدارانەی کە بەجبە سووتاوەکانیانەوە پۆل پۆل بەرزدەبنەوە بۆ ئاسمان، ئەنجا چیرۆکی ئەو چوار سەربازە کوردەی کە لەسوپا هەڵدێن و سەفەرێکی ئۆدیسانە دەکەن و لەرێگا تووشی چەندان گەردەلوول و دەعجانی و ئەژیهادی سەیر سەیر دێن، بەڵام دەمەو بەیان لەدوای شەش رۆژو شەو ژنێکی عەرەب بەناوی ئوم فەزڵەوە لەبیابان دەیاندۆزێتەوەو پێشیان دەکەوێت بۆ شارە تەپوتۆزاویە زەردەکەو لەبەر دەروازەکانی شاردا ناونیشانی دکتۆر بابەکیان دەداتێ و بەبێدەنگ لێیان جیا دەبێتەوە.

خۆی لەخۆیدا ئەمەیان کورتەیەکی هەرەبچووکی ئەلیازەی هۆمیرۆسە یەکێکیان ناوی جەلیلی بارانەو ئەویش ئاشقی فلووتە ئەویش وەکو جەلادەت کە جەمیلی پروشە دەمرێت فلووتەکەی بەمیرات بۆجێ دەهێڵێ و هەمیشە بەیادی جەمیلی پروشەوە لە کوچەو کۆڵانەکان فلووتی لی دەدا، جەلیلی باران بروا ناکات کە ئەو جەلادەتی کۆترە چونکی ئەو پێیوایە جەلادەتی کۆتر مۆسیقارێکی بەناوبانگە، هەورەها شەرو پێکدادان لەنێوان چەکدارەکانی راپەرین و سۆزانیەکانی شارەکەو پرتەقاڵی سپی، دوای سی ساڵ ژیان لەوشارە دوای دامرکاندنەوەی کڵپەی راپەرین لە باشووری عیراق خۆی و سامیری بابلی لەسەر پشتی دوو ئەسپی دەگەنە کوردستان، ئەنجا جەلادەت پاش ئاوارەبوونی دوای راپەرین دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی و لە ئوتێلێکی سووتاوی کاولکراوی وەکو (حەسیب ساڵح) جێی خۆی دەکاتەوە لەنێو ئەو ئاوارانەی کە لەسەفەری ئاوارەیی ئێرانی دوای سەرکوتکردنی راپەرین گەرابوونەوەو نیشتەجێی ئەو بینایە بوون کە بەناوی حەسب ساڵحەوەیە، دواجاریش ناسینی ئافرەتێکی وەکو رەوشەنی مستەفا سەقزی و باسی لە چوارمیخەدانی خۆی دەکات ئەنجا جەلادەتی کۆترو سامیری بابلی لەو بینایەدا (گیلاسی سپی) ناوە پێکەوە نیشتەجێ دەبن، جەلادەت سامیری بابلی بەئەسیری خۆی دەزانێ، ئەو لەدوای شکستی راپەرین لە باشوور لەترسا رایکردووەو لەم شارە گیرساوەتەوە، بەڵام جەلادەت بەخەیاڵی و بەقسەی خۆی بەئەسیری خۆی دەزانێ بی ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی فیعلی هەبی، دەسەڵاتی ئەویش بەقەد دەسەڵاتی سامیری بابلیە ئیدی نازانین چۆن ئەوی کردوە بەدیلی خۆی و دەشییەوێ دادگایی بکات لەسەر ئەو تاوانانەی پێش راپەرین ئەنجامی داون.. !! ئەنجا فلاش باک دەگەڕێتەوەبۆ رووەکەی ساڵی 1991 و مەرگەساتی ئەو رەوەو پەرتەوازەبوونی جەلادەت لە چادرگاکانی ئاوارەکان لەسەر سنوری عیراق ئێران، ئەنجا باسی جۆری ئەشکەنجەدانی زیندانیەکان لەلای دەسەڵاتی رژێمی عیراق جەلادەت هەمیشە موحاسەبەی سامیری بابلی دەکات کە ئەوان ناچاریان کرد مۆسیقا لەبیر خۆی بەرێتەوە یان مۆسیقارەکەی ناوی ئەویان کوشت، ئەنجا جەلادەت خۆی سامیری بابلی کە هەندێ جار پێی دەڵێ پرتەقاڵی بابلی گوایە کوڕی دارستانەکانی پرتەقاڵ بوو لە باشوور، بیر لەرێگایەک دەکەنەوە کە بەرەو پاکی و ئاسوودەیی بیانبات، بەڵام نازانن کام رێگاو چۆن پاکی و ئاسوودەیی بەدەست دەهێنن، سامیری بابلی لافی ئەوەش لێدەدات کە گەورەترین و سامناکترین نەخشەی دونیای پێیە، بەڵام هیچ سەرەداوێکی ئەو نەخشەیە دیار نییەو تەنها وەهمێکەو نوسەر دروستی کردوە بۆ درێژکردنەوەی چیرۆکەو بابەتەکەو هیچی دیکە، دەیان شتی ئاوها بەبی پاکانە ئاخێنراوەتە دەقەکەوە.

دیارە ئەویش نەخشەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانە وەکو دەڵێ، بەم دوایەش بەبی سامیری بابلی کەسانی دیکە بوونە چاوساغ بۆ دۆزینەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی لە باشووری عیراق، سامیری بابلی یەکێکە لە خوێنرێژترین پیاوانی رژێم چۆن زاتی ئەوە دەکات ئەو نەخشانە بدرکێنێ، دوای راپەرین ئەوکەسانەی کە هاتنە ئەم دەڤەرە نهێنی ئەوتۆیان پی نەبوو بۆ دۆزینەوەی ئەوگۆڕە بەکۆمەڵانە تەنها چەندسایەقێکی شوفڵ و شوانەکانی بیابانی سەماوە نەبێت، چونکی مەسەلەیەکی ئاشکرایە کە ئەو جۆرە خوێنرێژانە لەسەرە مەرگیشدا دان بەتاوان و نهێنیەکانی خۆیاندا ناهێنن. بۆ نموونە کەسێکی وەک (نزار خەزرەجی) هەرگیز ئامادەنیە بڵێ من بەشداری بۆردومانی هەڵەبجەم کردوە، سامیری بابلی بەوتەی رۆماننووس قێزەوەنترین تاوانی کۆمەڵ کوژی دژی عیراقیەکان و کورد ئەنجامداوە، دادگایی تاوانەکانی جەنگ دەیگرێتەوە نەک بە پەشیمان بوونەوە ئیدی ببێتە فریشتەو پەپوولە، بۆیە پەنابردنە فانتازیاش لەکاری هونەریدا ماقوولێەتی خۆی هەیەو مەنتیقی خۆی هەیە، لەگێلاسی سپی واتا حەسیب ساڵحی جاران و سلێمانی پالاسی ئێستا جەلادەت پەیوەندی لەگەڵ چەند کچ و ئافرەتێکی ئاوارە دەبی و تەنانەت دالیا سیراجەدین دوای فەوتانی لە باشوور وەکو تارماییەک سەردانی ئوتێلی (گیلاس سپی) دەکات، هەندێ شت هەن لەدەقەکەدا کە چەندین لاپەرەیان داگیر کردوە هەبن و نەبن وەکو یەک وایە ئەگەریش لاببرێت هیچ لەمەوزوعەکە ناگۆرن، وەکو باڵندە سپییەکان و فریشتەکانی دالیا سیراجەدین کە هیچ هاوکێشەیەکی بابەتیانە بۆ چیرۆکەکان و دەقە کە دروستناکەن، ئەنجا دێتە سەرباسی سی کەسی پڕنهێنی، شاناز سەلیم و حەزی بێ سنووری بۆ خەوتن لەئامێزی مەرگداو شاروخی

شاروخ و دووەمین دەرکەوتنی لەباخێکی غەمگیندا، مستەفای شەونم ئەو پیاوەی لەشەوێکی تاریکدا باڵندە سپییەکانی بینی، من پێموایە ئەم سی چیرۆکە سی چیرۆکی جیاوازبن و نوسەر بەزۆری زۆرداری لەم دەقەدا دایناون، یان وەسفی ئەو ئەسپەی کەجەلادەت سواری دەبی و هەستدەکات ئەسپێکە لە قووڵایی ئەفسانەکانەوە هاتۆتە دەرێ، چەندەها شەو بەسەر ئەو ئەسپەوە دەرۆیشت هەستی ئەو ئەسپە بەشێکە لە خۆی، ئینجا مۆزارت و باخێکی جاویدان، جەلادەت خۆی وەکو بلیمەتێکی مۆسیقا ناسرا بوو، دیار هاوجووتە، لەگەڵ کەسایەتی مۆزارت و ئەم بەشە زیاتر گەرانە بەدوای واتای هونەرەوە، لەچەشنی دەمەتەقێیەکەی مۆزارت وسالیرییە کە پوشکین نووسیویەتی سالیری بە مۆزارت دەڵێ مۆزارت گیان تۆ خوداوەندی کەچی بەخۆت نەزانیوە، جەلادەتی کۆتریش خۆی بەخودا دەزانێ، ئەنجا دێتەسەر مستەفای شەونم و کەشفبوونی حەقیقەتی و باسی حەقیقەتی خۆی بۆ جەلادەتی کۆتر دەکاو پێشانگای شاری سۆزانیەکان و باسی شاعیرو هونەرو هونەری شێوەکاری ونەقاشی و پاراستنی تابلۆکانی لەیلا نیلوڤەر لەماڵەکەیداو باسی ساڵی 1979 کە سەدام حوکمی گرتە دەست و کەوتە راوەدوونانی شیوعیەکان و نوسەرو هونەرمەندان، هەرئەو ساڵە موسای بابەک دەچێ بۆ شاری سۆزانیەکان و خۆیشی وەکو هونەرمەندێکی شێوەکار بەمستەفا دەناسێنێ لەلاپەرە (482) دکتۆر موسای بابەک بە جەلادەتی کۆتر دەڵێ: (عەزیزی من، کورە وێڵەکەی دکتۆر بابەک بەخێر بێتەوە) ئەمەیش هەموو بەسەرهاتەکەی جەلادەت ئەوە دەگەیەنێ کوڕی وێڵە (الابن الچال) ، ئەمەیش زیاتر فلیمی میسری (گەڕانەوەی کوڕی وێڵ) یوسف شاهینمان یاددەخاتەوە تا ساڵی 1993 جەلادەت تەمەنی دەگاتە 23 ساڵ، چونکی ساڵی 1970 لەدایک بووە نوسەری رۆمانەکە لەلاپەڕە (505) دا دەڵێ و ئەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە جەلادەتی کۆتر جۆرێکە لەکەسایەتی ئۆدیسا لەئەلیازەی هۆمیرۆس، بەزمانی جەلادەتەوە دەڵێ (گەشتێکە هیچی لەوەی جەنابی ئۆدیسیوس کەمتر نییە، دوای ئەوەی لەتەروادەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئیساکا لاپەڕە (506) ، ئەنجاش سامیری بالی دەبێتە فلووت ژەن و مۆسیقار، کابرایەک کەناوی ئەردەڵانی سۆفییەو یەکێک بووە لە قوربانیەکانی، بۆیە سامیری بابلی دەکوژێ لاشەکەی لەگەڵ فلووتە سپییەکەی دەبەن بۆ نەخۆشخانەی گشتی، دوای ئەوەیش جەلادەتی کۆتر دەگرن بەتۆمەتی ئەوەی سامیری بابلی کوشتووەو نەخشەکانی سامیری شاردۆتەوەوپێنج شەوو رۆژ لەشوێنێک لەهەورامان بەندی دەکەن، ئەم ئەفسەرە درندە عەرەبە شانازی سەلیم دەبی بەژنی و خەبەر لەدەستی جەلادەت دەدات، دوای بەندکردن و ئەشکەنجەدان و هەرەشەکردن جەلادەت شوێنی شاردنەوە نەخشەکانی سامیری بابلیان پی دەڵێ، لەلاپەڕە (543) شدا ئاماژەیەک دەکات بۆ شەرەکانی پشتاشان، لەگەڵ شیوعیەکان وکوشتنیان، کوشتنی جەلادەتیش تێکەڵەیەکە لە خاچدانەکەی مەسیح و سووتاندنەکەی (حەلاج) ، مەسیحیش لەسەر خاچەکەی خۆی دەردەچێ و وەکو ئەفسانە ئاینییەکە دەڵێ، بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان، جەلادەتی کۆتریش بەوشێوەیە.

پاشان هەموو مردووەکانی نێو رۆمانەکە وەکو سەرهەنگ قاسم و مامۆستا سەرمەد تاهیرو ئیسحاقی لێوزیڕین و شارۆخی شارۆخ زیندوو دەبنەوە، رۆمانەکە لەکۆتایی دا دەبێتە حیکایەتەکانی هەزارو یەک شەوەو سەیرتریش، دواجاریش (فلووت) ئامێریکی نەفخی رۆژئاوایی هاوچەرخە، کورد تازە فلووتی خستووەتە ناو ئامێری مۆسیقاوە، کاک بەختیار پێیوایە فلووت ئامێری خوداکان بوو، ئامێری خەلیقەت بووەو کەسانی وەکو کریشنایش فلووتیان لێداوە: مامۆستای مۆسیقای کلاسیکی هیندی (رامیش چۆدری) کە باسی ئامێرە مۆسیقیەکانی هیندستان دەکات فلووتیان تیا نییە، زۆربەیان وەتەری و ریتمین، تەنها ئامێرێکیان هەیە ناوی (ئۆتۆ) یە وەکو زوڕنا وایە پێنج کونی هەیەو ئەوەی لەزورنا جیای دەکاتە کە زەنگلۆڵەیەکی پێوەیە، فلووتیش بەرامبەر بەکەمانچە ئامێری غەم بەخشەو خەمبارو خەفەتاویە، ئەنجاش بەشی دوایی عەلی شەرەفیار دەستنووسی چیرۆکەکەی جەلادەتی کۆتر دەبووایە بیبردایە بۆ چاپ ئەویش نایەوێ چاپی بکات، بگرە چاوەڕێی هاتنەوەی جەلادەتی کۆتر یان دالیا سیراجەدین دەکات تاخۆیان تەواوی بکەن، دەیبات بۆچاپخانەو لەسەر مێزەکەی چاپخانە دایدەنێ و دەڵێ ماڵ ئاوا قەقنەس، دیاریشە قەقنەس باڵندەیەکی ئەفسانەییەو بەدەم خوێندنەوە خۆی دەسووتێنێ، ئەمەیش ئیحایە بۆ سووتاندنی دەستنووسەکە، وەکو لەنامەکەی جەلادەتی کۆتریش هاتبوو:

(ئەم چیرۆکە هەرگیز لای تۆ کۆتایی هات) ، بەڵام هەموو شتێک تەواو.. هەمووشتێک تەواو..

## رۆمانی (کەمانچە رەشەکە) شم خوێندەوە..

ئەم رۆمانە فەرەنسیەو (ماکسێنیس فێرمین) نووسیوویەتی و وەرگێردراوەتە سەر زۆربەی زمانەکان و کاک ئازاد بەرزنجیش لەفارسییەوە کردوویە بەکوردی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەساڵی 2005 لەچاپی کردوە، 148 لاپەڕەیە بە کوردی. بابەتی ئەم رۆمانە مۆسیقایەو باس عیشقی مۆسیقاو کەمانچە دەکات. کاک ئازاد بەرزنجی لەپێشەکی رۆمانەکە نووسیویەتی: (ئەمجارە فێرمین بەناو رەنگی رەش و دنیا سیحراوییەکەی مۆسیقادایە لەرێی کەمانچەیەکی رەشەوە کە لەسەرەتادا وەکو سیمبولی عیشقێکی گەورە خۆی ئەنوێنێت و لەکۆتایشدا ئەگۆڕێ وەکو سیمبولی نەفرین و مەرگ، فێرمین لەرێی زمانێکی شاعیرانەی روونەوە خوێنەر ئەخاتە ناو کەشێکی

فەنتازییانەی دوور لە ژیانی میکانیکی پڕ ڕۆتینەوەو. ئەمەش ئەبێتە مایەی دەوڵەمەندکرن و ئاکتیڤ کردنی خەیاڵ و چێژی ئێستاتیکییانەی خوێنەر) . ئەم ڕۆمانەش وتەیەکی (مۆزارت) ی کردووەتە پێشەکی و (یوهانز) پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، ئەویش لەرێگەی کەمانچە ژەنێکی قەرەجەوە ئاشقی کەمانچە دەبێت هەر لەتەمەنی پێنج ساڵیەوە خاوەن سەلیقەیەکی خۆڕسک بووە هەرپارچە ئاوازێکی بیویستایە دەیژەنی ئەو بەرادەیەک دەرەقەتی قورسترین سەمفۆنیاکان دەهات، یوهانزیش ئەشقێکی شێتانەی هەیە، بۆ کەمانچە، ئەو تەواوی کاتەکانی بێداری خۆی هەر لەبەیانیەوە تا ئێوارە بۆ هونەرەکەی تەرخان دەکات، ئاشقی کەمانچە دەبێت لەرێگای کابرا قەرەجەکەوە کە کابرایەکی موو رەش و ریشن و هەندێ باڵا زراڤ بوو، کاتی ئەو سەرگەرمی یاری دەبی لەلا رێیەکەوە پەیا دەبێ.. کابراکە بەکەمانچەکەی ئاوازێکی وەها لێدەدات کە منداڵەکە سەرسام دەکات، وەکو بڵێی سیحری لی کرابێت، کابرای قەرەج زوو بۆی دەردەکەوێت کە ئاشنایەتیەک لەنێوان ئەو ویۆهانزدا هەیە، ئاوازێکی نامۆی بۆ لێدەدا، هەستدەکا یەکەمجار کەسێک ئاوها بەزمانی مۆسیقا، لەگەڵیدا بدوێت، ئەو زمانەی کەبووە پردی هەمیشەیی نێوان یوهانزو دنیا، هەر لەو رۆژەوە ئیتر یوهانز بەهرەی خۆی لە کەمچەژەنیندا لەلای ئاشکرا دەبی.

یوهانزیش دایکی چەند مامۆستایەکی بۆ دەگرێت تا دەرسی مۆسیقای پی بڵێن، کەچی مامۆستاکان بۆیان دەردەکەوێت لەوان باشتر مۆسیقا دەزانێ، لەتەمەنی حەوت ساڵیدا کۆنسێرتێک لە کڵیسایەک پێشکەش دەکات. ئیدی ناوبانگی کەمانچە ژەنە منداڵەکە دنیا پڕدەکات و لەسنووری فەرەنسا تی دەپەڕێت و منداڵێکی سەرسورهێنەری لی دەردەچێت ئیدی هەموو دنیا دەگەڕێت لەژێر چاودێری دایکی دا بۆ پێشکەش کردنی مۆسیقا، واتا دەبێتە قارەمانێکی نەتەوەیی لەبواری کەمانچە ژەنیندا، ئیدی دوای مردنی دایکی واز لەو گەشتە مۆسیقایە دەهێنێ لە شارێکی ئەفسانەیی جوانی وەکو پاریس نیشتەجێ دەبی، تەمەنی دەگاتە حەڤدە ساڵ گەرچی مۆسیقای کەمانچەی جوان دەژەنێ، بەڵام ئاوازەکانی ئەو جۆش و خرۆشەی جارانی نامێنێ ئیدی خەڵکی بەرە بەرە ئەو منداڵە مۆسیقا ژەنە بلیمەتەیان لەبیر دەچێتەوە، یوهانز ناتوانێ بڕیارێک بدات بۆ ئایندەی خۆی، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئیتالیاو فەرەنسا ئەو بریارەی بۆ دەدات بێگومان جەنگی داگیرکردنی ئیتالیا لەلایەن سوپای فەرەنساوە ئیدی یوهانز بانگ دەکرێت بۆ خزمەتی سەربازی، ئیدی شەڕی ئیتالیا دەست پی ئەکات، یۆهانز کەوتبووە دوای گەمەی چارەنووسەوە، ئەو ببوو بەسەربازو دەرفەتێکی ئەوتۆ نەمابوو بۆ مۆسیقا، یوهانز لەشەرێکدا بەخەستی بریندار دەبی و شەوێک ئافرەتێکی ئەسپ سوار و جل و بەرگی رەشی سوپای پۆشیبوو لەمردن رزگاری دەکات، لە غەیبەوە لەوبیابانە پەیا دەبێت و بە ژوور سەریەوە رادەوەستێ و پاشان مەتارەکەی دەردێنێ و ئاوی دەداتێ و ئافرەتەکە لە ئامێزی دەگرێ و بەدرێژایی ئەو شەوە گۆرانی بۆ دەڵێ و دەیلاوێنێ پاشانیش ماچێکی دەکات و یوهانز خەو دەیباتەوە، هەرکە یوهانز بە ئاگا دێت پزیشکیکی سەربازی بەژوور سەریەوەتی و برینەکانی تیمار دەکا پاشانیش دەبێتە برادەری، چاکبوونەوەی چەندەها مانگ دەخایەنێ، شەڕ بۆ ئەو تەواوببوو ئیدی وەکو قارەمانێک لەیادی خەڵکی نەمابوو، بێگومان قارەمانی نەتەوەیی کەمانچەژەنین، شەڕی ئیتاڵیا پەرە دەسەنێ و نەبەردی لەدوای نەبەردی، دوژمن زیانی لی دەکەوێت و هێزەکان پێشڕەوی دەکەن و هەموو رۆژێک بریندارەکان زۆر دەبوون، بەردەوامیش زرمەی تۆپ دەهاتە گوێی، هەندێ شەو یوهانز دەستی دەدایە کەمانچەو کەمانچەی بۆ هەڤاڵەکانی دەژەنی بەتایبەتی بۆ بریندارەکان و بەمەبەستی هێورکردنەوەی ئازارەکانیان، دەچووە بەرمانگەشەو لەسەر گردۆڵکەیەک کەمانچەی بۆ بریندارەکان لێدەدا، پێیوابوو کە مردووەکانیش ئاوازەکەی ئەم دەبیستن، یوهانز بەبرینداری دەگەیەننە شاری ڤینیساو بە پزیشکەکەی دەڵێ ڤینیسا لەشارێک زیاتر دێتە بەرچاو و پریەتی لە تیاترو سەماخانەو پڕیەتی لە سۆزانی ئورستۆکراتی، خەونێکەو لەناو دەریادا راکشاوە ئەم شارەش پریەتی لەتەلاری کۆن و ساختومانی بەباق بریق، لەخەونێک دەچی کە دەستگیر ناکرێت، دەڵێی کەشتییەکی گەورەیە بەسەر ئاوەوە، شاری تابلۆو کۆشکی جۆراو جۆربوو، بۆیە بریار دەدات شەش مانگی دیکە لەو خامۆشترین شارەی جیهان ڤینیسیا بەسەربەرێت، باشترین شوێنە بۆ گەڕانەوەی بۆ دنیای مۆسیقا، واتا شاری ئۆپیرا.

لەو شارەدا ئاشقانی مۆسیقا زۆرن، وەکو یوهانز کارلسکی و ئیمراسمۆس کەمانچە ساز، ئیرا سمۆ سیش بە یوهانز دەڵێ (بەخێر هاتی بۆ وڵاتی مۆسیقا) ل50 ئیدی یوهانز لە ساختومانەکەی ئیراسمۆس نیشتەجێ دەبی و خۆی بە ئیراسمۆس دەناسێنێ وەکو سەربازێکی فەرەنسایی، ئیراسمۆس مۆسیقارو کەمانچە سازێکی پیرە، ئەم زۆربەی شەوەکان، لەگەڵ یوهانز دادەنیشێ و باسی مۆسیقای بۆ دەکات و حیکمەتەکانی خۆی فێر دەکات.

یوهانزیش پێی دەڵێ (هەستدەکەم دەستی چارەنووس ئێمەی بەیەک گەیاندوە، یوهانزیش خۆی وەکو مۆسیقارێک بە ئیراسمۆس دەناسێنێ و دەڵێ: (من بە ناچاری بووم بەسەرباز، ئەگینا پێشتر من مۆسیقاژەن بووم) ل 49. ئیراسمۆس ژیانێکی سادە دەژیا، پێداویستیەکانی زۆر نەبوون سنووردار بوون جگە لەمۆسیقا پێویستی بەشتی دیکە نەبوو، زۆریش ناخایەنێ عەوداڵی یوهانز دەبی، ئێدی دەمەتەقێی نێوان

ئیراسمۆس و یوهانز هەر باسی مۆسیقا دەبی و لەو باسە هیچی دیکەیان نابێت، شەوێکیان باسی ئەو ئافرەتەی بۆ دەکات کەلەو بیابانە هاتەلای، ئەو پێیوابوو تارماییە یان خەونە، ئیدی هەموو شەوێک بیری لی دەکاتەوە، چاوەڕێی ئەوە بوو خەونەکەی بێتە دی ئیراسمۆس باسی ئەشقی خۆی دەکات بۆ کەمانچە، ئەشقەکەی خەریکبوو دەگۆردرا بۆ شێتی و دەیەویست ببێتە گەورەترین کەمانچە سازی دنیا، هەر لەمنالێیەوە ئاشقی مۆسیقا بووە، ئیدی یوهانز بەهۆی شەڕو برینداربوونی وگێرمەو کێشەی ژیان مۆسیقای لەبیر دەچێتەوە، ئیراسمۆس باسی مامۆستای خۆی دەکات لە مۆسیقاو چۆن فێری دروستکردنی کەمانچە بووە، هەر لە ڤینیسیاش ئاشقی ئافرەتێک دەبی ناوی (کارلا) یەو گۆرانیبێژە، ڤینیسیاش کە شاری مۆسیقار گەلی وەکو یوهانزو ئیراسمۆس و کەسانی دیکەیەو زادگەی کەمانچەیە، ئیراسمۆس دەمرێ و بە ئاواتی خۆی ناگات، یوهانزیش ئەو دەسنووسەش کە چەندەها ساڵ بوو خەریکی نووسینەوەی بوو فرێی دەداتە نێو ئاگرێکەوەو ئەمەیش بەری تەمەنێک هەوڵ و تەقەللا بوو کە چارەنووسیان فەوتان بوو.

بەخۆی دەڵێ: (بەم جۆرە کارەکە کۆتایی هات) پاشان لە شیرینی خەودا ماڵئاوایی لە ژیان دەکات ئەمە پووختەی چیرۆکی ئەو رۆمانە بوو.

**لێرەشدا هەندێ لەو پەرەگرافە لەیەکچووانە دەخەینە بەرچاو بەخشتەیەک..**

| شاری مۆسیقارە سپییەکان | کەمانچە ڕەشەکە |
|---|---|
| هەموو کێشەکە پەیوەندی بەو فلووتەوە هەبوو کە جەلادەت لەتەمەنی هەشت ساڵیدا لە هەلومەرجێکی سەیردا لە مردوویەک بۆی مایەوە، فلووتێکی سپی بوو، لە مامۆستا سەرمەد تاهیر، بەجێما، ئەوپیاوەی دراوسێی ماڵیان بوو، پیاوێکی باریک ریش درێژ کەبەردەوام لە حەوشەکەی خۆیانداو لەژێر درەختێکدا دادەنیشت و فلووتی لێدەدا یەک دارتووی گەورە بوو زۆر گەورە بوو، مامۆستا سەرمەد بەردەوام لەژێر ئەو درەختەدا دادەنیشت و مەستانە مۆسیقای لێدەدا. جەلادەت لە شەش ساڵییەوە بەردەوام دەچووە سەر پەیژەیەک و لەسەر دیواری نێوان هەردوو حەوشەکان دادەنیشت و گوێی لەمۆسیقا دەگرت، مامۆستا سەرمەد هەرکاتێک فلووتەکەی دابنایە زەردەخەنەیەکی بچوکی بۆ جەلادەت دەکرت.. کەس بیری نایەت مامۆستا سەرمەد جارێک قسەی، لەگەڵ جەلادەتی منداڵدا کردبێت. پەیوەندی ئەو دووانە هەرگیز لەسنووری ئەو زەردەخەنەیە تێنەپەڕیوە.. لاپەڕە (15) | یۆهانز هێشتا تەمەنی پێنج ساڵان بوو کە عیشقی بۆ کەمانچە تیا ڕسکا. بەیانییەکی هاوین لە باخەکانی تۆیلیری کەمانچە ژەنێکی قەرەج برێک شادمانیی پی بەخشی و بۆ هەمیشە ژیانی ئەوی گۆڕی.<br>یۆهانز لەنزیک کانییەکەوە سەرگەرمی یاری بوو کە لە پڕێکا کابرایەکی موو ڕەش و ریشن لەلارێیەکەوە پەیدابوو وەستاو پاشان لەسەر زەوییەکە هەڵکورماو کەمانچەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا. کابرای قەرەج هێندە بالازراڤ بوو قەرەجەکە هەر زوو بۆی دەرکەوت کەنزیکایەتیەک لەنێوان ئەوو یوهانز هەیە هەر لەو رۆژەوە یوهانز پەی بە بەهرەی خۆی برد لە مۆسیقاداو دووساڵ دوای ئەوە فێری ژەنینی کەمانچە بوو.. لاپەڕە (17) |
| بەهرەی مۆسیقی منداڵەکە بەجۆرێک سەر سوڕهێنەر بوو باوکی هەرزوو خستیە کۆرسێکی تایبەتی مۆسیقاوە، کە ماوەیەکی کورت بێبەهانە وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی تەماشایاندەکرد. فێر بوو شەو ورۆژێک لە تۆمارێکی بچوکەوە گوێی لە سۆناتاو سەمفۆنیاکانی دنیا دەگرت.. لاپەڕە (18) | دیاربوو کە ئەم منداڵە قوتابیەکی ئاسایی نییە، ئەو گەرچی شوێن پێی شێوازی مامۆستاکانی هەڵدەگرت و لاسایی دەکردنەوە، بەلام خۆیشی ژەنیارێکی شایستە بوو لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو ئاوازانە لەسەری پەنجەکانیەوە نا، بەڵکو لەناخی دڵیەوە سەرچاوەیان دەگرت هەر زوو پەروەردەکارەکانی بۆیان دەرکەوت کە هیچیان پی نەماوە فێری ئەوی بکەن ناوبانگی کەمانچە ژەنە منداڵەکە دنیای گرتەوە. لەتەواوی هۆڵەکانی پاریسدا پرسیارێک کەوتبووە سەر زمانی خەڵک: یوهانز کارلسکی ئەم منداڵە سەیرو سەمەرەیەکێیە؟ لاپەڕە (18، 21) |

ئیسحاقی لیو زێرین لێی نزیكبووەو خۆی وەک مامۆستایەكی پیری مۆسیقا پێناساند، ئیسحاق بەقسەی خۆی لەسەر سنوورەوە هاتبو بەدوای قوتابی مۆسیقادا بگەڕێت تابتوانێت مۆسیقاو حیكمەتی خۆییان فێركات، ئەو رۆژە جەلادەت بریار دەدات بەدوای تێگەیشتنێكی تازەو فێربوونێكی قووڵتردا بۆ مۆسیقادوای ئیسحاقی لیوزێرین بكەوێت لاپەڕە (19، 20) سەرهەنگ قاسم و جەلادەتی كۆتر دادەنیشتن و چاوەڕوانی مامۆستاكەیان دەكردو گوێیان لەهەواڵەكانی جەنگ دەگرت كە لەهەموو شوێنێكەوە گڕی سەندبوو.

كاتێک خۆی بەكابرا ناساند (مەبەست لێرەدا ئیراسیمۆسی كەمانچە ژەن و كەمانچە سازە) و كارتی مانەوەی پیشاندا، بۆی دەركەوت كە هەموو وەكو یەک سەیر شەڕ ناكەن.. ئەو شەڕەی كە لەنێوان ئیتاڵیاو فەرەنسا هەڵگیرسابوو:

-من (یوهانز كارلسكی) م بەناسینتان خۆشحاڵم. من ناوم ئیراسمۆسە چ خزمەتێكم لەدەست دێ. لەبەر ئەوەی لە ڤینیسیادا دەمێنمەوە پێویستە لێرەدا نیشتەجێ بم...

لاپەڕە (45)

جگە لە مۆسیقا پێویستی بەشتێكی تری وانەبوو، زۆری نەخایاند عەوداڵی هاورێتی یوهانز بوو.. لاپەڕە (51)

ئیسحاقی لیو زێرین شەیدای مۆسیقایە، مۆسیقا بەهیچ شتی ناگۆڕێتەوەو خۆی بەمامۆستای مۆسیقا دەزانێ بێگومان هەردووكیان فلووت ژەنن ئیسحاقی وەكو مامۆستا ژەنینی فلووت هەندێجار رێیاندەكەوتە ناو مەفرەزەی بچووكی ئەو پێشمەرگە غەمگینانەی بە كۆمەڵێک كوڵەپشتی زۆرەوە بەخۆیان و بریندارەكانیانەوە بە هەورازە سەختەكاندا سەردەكەوتن جار ناجار كۆمەكی ئەوانیان لەهەڵگرتنی بریندارەكانیاندا دەكرد، مۆسیقایان بۆ دەژەنن، بەلام ئاوازەكانیان لەو ئاوازانە نەبوو ئارەزووی شەڕكردن لە مرۆڤدا بەهێزبكات.. لەبری بەنج مۆسیقایان بۆ بیمارەكە لێدا كەسیحری مۆسیقاكە زۆر لەژانی نەشتەرو زامەكانی هێور دەكردەوە لاپەڕە (53)

ئەوەتا ئیراسمۆس بە یوهانز دەڵێ:

-نیشتمانی راستەقینەی من دونیای مۆسیقایە ئیتر گوێ بەشتەكانی تر نادەم یوهانزیش دەڵێ: من بەناچاری بووم بەسەرباز، ئەگینا پێشتر من مۆسیقا ژەن بووم، پێشی دەڵێ كەمانچەژەن بووە ئیراسمۆسیش خۆی بەكەسێكی هەڵكەوت لەقەڵەم دەدات

لاپەڕە (49، 77)

هەندێ جار شەوانە یوهانز دەستی ئەدایە كەمانچەكەی و ئاوازێكی بۆ هەڤاڵەكانی دەژەنی، بەتایبەتیش بۆ بریندارەكان و ئەوانەی لەسەرەمەرگدا بوون، بەلام جاری وا بوو ئازارەكە بەرادەیەک بوو كە تەنانەت مۆسیقاش لە ئاستی دا هیچی پێی نەدەكرا.

جەنگ بەلای ئەوانەوە ئاوازێكی تری هەبوو. لەئەنجامی گیڤەی گوللەو زرمەی تۆپەوە دڵیان سەخت و رەق بوو بوو. لاپەڕە (40، 41)

ئەو شەوە ترسێكی گەورە دایگرتم هێشتا لە زۆر شت تی نەگەیشتبووم، هێشتا نەمدەزانی دالیا سیراجەدین كێیە من شەوێک لەوێ بەئاگا هاتمەوە هێندەی هۆشیار بوومەوە گوێم لەدەنگی گۆرانی بێژێكی كچ بوو.

من نەمدەزانی تەواو لەكوێدام جگە لە تاریكییەكی سەنگین و قورس كەهەستم بە بارستاییەكەی دەكرد، هیچی دیم لەدەور نەبوو، پەیوەندی نێوان هۆش و جەستەم پەیوەندییەكی لاوازو بێدەنگ بوو، وەكو ئەوەی لەشم لەلام نەبێت ئازارێک بوو وەک ئەوەی رۆحێكی ترو جەستەیەكی تر بیچێژێت، بەلام سێبەرو سەداكەی لەناو هەناوو زیندەگی مندا دەنگبداتەوە.

نەمدەزانی كە بریندارم، بیرم لای هیچ زامێک نەبوو

لاپەڕە (69، 70، 71)

كاتی یوهانز چاوی هەڵهێنا دنیا تاریک بوو بوو و تەپوتۆز سەرانسەری مەیدانی شەڕەكەی گرتبوو، كۆمەڵێک سەروسیمای ترسناک و سەیرو سەمەرە بەنێو گۆڕەپانەكەدا دەهاتن و دەچوون كە ئەم نەیدەویست بزانێ نیازیان چییە.

ویستی هەڵسێتەسەرپی، بەلام ئازارێكی زۆر لە جومگەی رانیدا. نەیهێشت هێشتا شمشێرەكە هەر لەناو لەشیدا بوو و دەسكەكەشی كەبەسەرسكیەوە بوو. دنیا هێند ساردبوو. كەمترین جووڵەی بكردبایە برینەكەی دەمی دەكردەوەو رۆحی لێوەی دەردەچوو. یوهانز زانی كە وادەی مەرگی نزیک بۆتەوە ل (33، 34)

| | |
|---|---|
| ماوەیەک لەدوای بیدەنگبوونی مۆسیقاکە وەک پەرییەک لە ئاسمان دابەزێت کچێک لەجلی فریشتەکاندا لەسەقفی ژوورەکەوە بە پەیژەیەکی ئاسنیندا دابەزی ئەوە دالیا سیراجەدین بوو کە چرایەکی کزی بەدەستەوە بوو خانمێک بوو لەوانەی دەبێت هەناسەی قووڵیان بۆ هەڵکێشێت، لەو جوانیە سەیرو ئەفسانەییانەی جوانییەک هەندێک کە تا ناو مردن بەدوای خۆیدا راکێشێت وەکو ئەوەی بەوریابوونەوەی من زۆر خۆشحاڵ بێت، یاخود چاوەروانی ئەوەی نەکردبێت، سەرسامانە دەستی لێدام، بێئەوەی پرسم پێ بکات وەک یەکێک خۆشەویستێکی خۆی ماچبکات لێوی هێناو ماچیکردم.. ئەو شەوە دالیا بەئارامی لەسەر لێواری قەرەوێڵەکەم دانیشت جلێکی نیمچە رووتی لەبەردابو کەزانی من سەیریدەکەم بە ئەسپایی گووتی: ببورە من لەئیشەوە هاتووم، دەبایە وابم، کاتم نەبوو بۆ خۆگۆڕین لاپەرە (70، 71) | چاوی کردەوەو ئافرەتێکی بینی کەبەسەر سەریەوە وەستابوو، جلو بەرگێکی درێژی رەشی سەربازی پۆشیبوو.. یوهانز دەیتوانی هەست بەنیگا پڕ شەوقەکەی ئەو بکات، چاوەکانی لەوتاریکیەدا ئەدرەوشانەوە.<br>چۆن توانیبوی وەها بەبێدەنگی لەم نزیک بێتەوە کەجگە لە جووڵانەوەیەکی کەمی جلەکەی هیچ شتێکی تر خەبەر لەهاتنی نەدا؟ یوهانز وایدەبینی کەدەبی شتێکی میتافیزیکی لەبوونی ئەودا هەبێت ئافرەتە بێگانەکە بی هیچ جووڵەیەک راوەستابوو و لەم پیاوەی دەروانی کە کەوتبووە ئاویلکە.. پاشان لەو کەشە پڕ خەم و کەسەرەدا دەستی کردبە گۆرانی چڕین، دەنگی بەرادەیەک زوڵاڵ و دڵرفێن بوو کە یوهانز برینەکانی خۆی لەبیر چووەوەو کەوتە دونیایەکی خاڵی لەئازارەوە.<br>بەدرێژایی ئەو شەوگارە، ئافرەتەکە ئەوی وەکو منداڵێک بەخۆیەوە نووساندبو گۆرانی بۆ وت. دواجاریش دەمەو سەحەر ئافرەتەکە ماچێکی لێوەکانی کرد، بەم جۆرە یوهانز چاوی نووقاندو خەوی لێکەوت لاپەرە (35، 36) |
| دیارە کەسایەتی دکتۆر موسای بابەک هیچ جیاوازییەکی نییە، لەگەڵ پزیشکە سەربازیەکەی یوهانزدا وەکو چۆن پزیشکە سەربازییەکە چاودێری یۆهانز دەکات موسای بابەکیش بەهەمانشێوە تا جەلادەتی کۆتر چاک دەبێتەوە..<br>(سبەینێ دکتۆرەکەمان دێتەوە بۆ ئێرە لەوانیە دەرمانەکانت بۆ بگۆڕێت) ل (73) | کاتی یوهانز بەئاگاهاتەوە، پزیشکێکی سەربازی خەریکی تیمارکردنی برینەکانی بوو.<br>لاپەرە (37) |
| یان بۆ مەسەلەی لە یادچوونەوەی مۆسیقا جەلادەتی کۆتر لەلاپەرە (362) دا دەڵێ: (ئێستا زیاد لەچوار ساڵە مۆسیقار نیم، تەنیا لاشەی مۆسیقارێکم و بەسەر زەویدا دەرۆم) . ل (362) | (بەراست ئەو مۆسیقایە چی لێهات کە تاماوەیەک لەمەوبەر لەشێوەی ئاوازی کەمانچەدا ئارامبەخشی گیانی بوو؟ جەنگ ئەمەشی وەکو شتەکانی تر لی سەندبۆوە.. ) ل (32) |
| بەخێربێن بۆ شاری ئێمە، بەخێر بێن بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان..<br>لاپەرە (192) | بەخێرهاتیت بۆ وڵاتی مۆسیقا بەخێر هاتیت بۆ ماڵەکەی ئیراسمۆس.. لاپەرە (50) |
| لەلاپەرەی (220) ە وە تا (224) دیمەنی کە مردووەکان یان کوژراوەکان هەڵدەسنەوەو دۆلاب و فایلەکان تێکەڵ دەکەن یان بەکوچەو کۆڵانەکاندا دەگەڕێن | ئەمەیش رێک چیرۆکی شانۆگەریی (شۆرشی مردووەکان) ی ئیروین شۆیەو دووجار کراوە بەکوردی و نمایش کراوە لەسلێمانی. |

| | |
|---|---|
| چاوەرێدەکەن تا لەپشووی نیوەی ساڵدا دەگەرێتەوە بۆماڵێ، براکان بریار دەدەن دالیا بە ئارامی بکوژن، بەجۆرێک نەزانێت و خۆشی درێژترین عەزاب بچێژێت، عەزابێک شایستەی ئەو هەموو نائومێدی و ئابڕوو چوون و دەردەبێت کە ئەوان چەشتوویانە بۆیە لەشەوێکدا بە ئارامی بێهۆشی دەکەن، دەیخەنە پشت پیکابێکەوەو دەیبەن بۆ چیایەکی دوور، بۆ شاخستانێکی سەخت لەوێ کۆنە بیرێکی فەرامۆشکراو هەیە کە پاشماوەی یەکێکە لەو گوندانەی لەمێژە خاپووربووە، دەیخەنە ناو بیرەکەوەو خۆیان (چاو بەفرمێسک) دەگەرێنەوە چەند رۆژێک لە بنی بیرەکەدا دەمێنێتەوە، دواجار کاروانێکی قاچاغچیان کە لە بەفردا رێگا هەڵەدەکەن و رێیان دەکەوێتە سەر ئەو بیرەو بەزەحمەتێکی زۆر دەریدەهێننەوە..<br>لاپەڕە (93) | چیرۆکی (یوسف) یش لە قورئاندا لە سورەتی (الیوسف) یش ئاوها هاتووە: براکانی یوسف لەبەرئەوەی یوسف زۆر خۆشەویستە لەلای باوکیان بۆیە بەفێڵ لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن بۆ گەڕان لەبیابانێکدا دەیخەنە بیرێکەوەو خۆیان بەگریان دەگەڕێنەوە بۆلای باوکیان و پێی دەڵێن یوسف گورگ خواردی ئەوەش جلە خوێناویەکانیەتی دواجاریش کاروانچییەک لەو بیابانەدا رێ ون دەکات دەچنە سەر ئەو بیرەو یوسف رزگار دەکەن. |
| ئەی ئاگر ببە بەسەرماو سەلامەتی بۆ ئێمە.. لاپەڕە (299) یان کەجەلادەت باسی ئەسپەکەی دەکات لەلاپەڕەی (422) و (427) هەستدەکەیت باسی داستانی (کوێر ئوغلی) یەشار کەمال دەکات.. !! | یانار کونی بردا وسلاما علی ابرهیم.<br>قورئان (سورەتی ابراهیم) .<br>دەبی چەندان رستەی ئاوها هەبێت و ئێمە سەرچاوەکەی نەزانین؟! |
| هەستمدەکرد ئەو دەستنووسەی ئەو بردی بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان هەموو خولیای ئەو ساڵانەی من ئەوەبوو ئەم تێکستە بگەێنمە ئەو جێگایەی جەلادەتی کۆتر باسیدەکرد، بێئەوەی کەس بمبینێت بەخۆم و دەستنووسەکەوە دوور کەوتمەوەو چووم بۆ چاپخانە.. دوا رستەی ئەو لەگوێمدا دەزرنگێتەوە کە دەڵێت: ئەم چیرۆکە هەرگیز لای تۆ کۆتایی نایەت، بەڵام هەموو شتێک تەواو هەموو شتێک تەواو..<br>کتێبەکانم دەخەمە سەر مێزی خاوەنی چاپخانەکەو لەبری سڵاو پێی دەڵێم: (ماڵئاوا ئەی قەقنەس) لاپەڕە (625) قەقنەس یش واتای سووتانە:<br>باڵندەیەکە بەدەم خوێندنەوە خۆی دەسووتێنێ. | بابزانین یوهانز کارلسکیش چۆن باسی دەسنووسەکەی و سووتاندنی دەکات بێگومان دەستنووسی ئۆپیراکەی کە خۆی لەخۆیدا ببووە چیرۆکی تەمەنی یوهانز:<br>بەم هۆشیارییەوە ئەو دەسنووسەی کە بەدرێژایی چەندەها ساڵ خەریکی نووسینی بوو، فرێی دایە ناو ئاگرێکەوە، چاوی بڕییە کاغەزە رەش و لوولخواردووەکان کە گڕی ئاگرەکە قووتی ئەدان ئەمە بەری تەمەنێک هەوڵ و تەقەڵلای بوو کە چارەنووسیان فەوتان بوو.<br>بەخۆی وت:<br>-بەم جۆرە کارەکە کۆتایی هات.<br>لاپەڕە (148) |

ئەگەر منیش بەچەند رستەیەک ئەم رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) وەسف بکەم ئاوها دەڵێم: ئەمجارە گەشتەکەی بەختیار عەلی بەناو رەنگی سپی و دنیا سیحراوییەکەی مۆسیقادایە لەرێی (فلووتێکی سپی) یەوە کە لە سەرەتادا وەک سیمبولی عیشقێکی گەورە خۆی پیشان دەدات لەکۆتایشدا دەبی بە سیمبولی نەفرەت و مردن.. دەشڵێم بەختیارلەرێی زمانێکی شاعیرانەی روونەوە خوێنەر دەخاتە ناو کەشێکی فەنتازییانەی دوور لە ژیانی میکانیکی و پڕ رۆتینەوە. داوای لێبوردن لەکاک ئازاد بەرزنجی دەکەم کە نەمتوانی چ وەسفێکی دیکە بە باڵای رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا ببڕم جگە وەسفەکەی ئەو نەبی بۆ رۆمانی کەمانچە رەشەکە.

هەموو شتێ لە رۆمانی (کەمانچە رەشەکە) رەشە تادەگاتە جل و بەرگەگانیش کەمانچە رەشێکی بچووک لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) رەش بووە بەسپی، فلووتێکی بچکۆلانەی سپی، پرتەقاڵی سپی، گێلاسی سپی، باڵندەی سپی، هەموو شتێ هەر سپی.

ئەمە جگە لەوەی فۆرم وتەکنیک و دارشتنی هەردوو رۆمانەکە کت و مت وەک یەک وایە تەنانەت زمانە شیعرەکەشیان.

ئەنجا بابێینە سەر مەسەلەی زمان لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کە لەراستی دا زیاتر پێویستی بە باسێکی تایبەتی هەیە، چونکی لەپێناوی شیعریەت مەسەلە زمان و رستەسازی لەدەستداوە یان هەندێ شت بەهەڵە بەکارهاتووە هەر بۆ نموونە:

(خەرابات) واتا مەیخانە نەک ویرانە وەکو لەرۆمانەکەدا هاتوو، وەفایی دەڵێ:

لەسایەی چاوەکانت بووم بەرەندی خەرابات

لەلای پیری مەیخانە غەرقەم لەگری و مەیناوە

وشەکە فارسییە نەک کوردی

لەلاپەرە (271) دا دەڵێ: هێزەکانی دەوڵەت مارشیانکردە ناو وڵاتێکی چکۆلانەی بێدەسەڵاتەوە.

دەڵێ: مارشێکی سەربازیان لێدا

یان لەمارشێکی سەربازیدا..

قەت واتای هێرش کردن ناگەیەنێ..

یان لەلاپەرە 284 دا دەڵێ:

ورێنەم نەدەکرد، نەدەلەزریم..

کورد دەڵێ لەرزم لی نەبووم

یان لەلاپەرە 287 دا هاتووە

(سوێندی لی سەندن) ، کورد دەڵێ (سوێندی دان) .

(تکام تیا کردن) کورد دەڵێ تکام لی کردن، لاپەرە 443 (مەئیوس) نییە (مەئیووس) ە (تیرێک دەدات لە پاشنەی پێی) لاپەرە 506 کورد دەڵێ تیرێک دەدات لە پاژنەی پێی..

یان دەیان رستەی لەم جۆرەی خوارەوە کە تەنها بۆ درێژکرنەوەی دەقەکە بەکارهاتوون:

لەلاپەرە 412 دا هاتووە:

(بەڵام من دڵنیام هەموو ژیانێک دوو دیوی هەیە، دیوێکی بینراو، لەگەڵ دیوێکی نەبینراو، هەموو شارێک دوو دیوی هەیە دیوێکی بینراو، لەگەڵ دیوێکی نەبینراو، هەمووچرکە ساتێکی مێژوو دوو دیوی هەیە، دیوێکی بینراو، لەگەڵ دیوێکی نەبینراودا، هەموو مەرگێکیش دوو دیوی هەیە دیوێکی بینراو و، لەگەڵ دیوێکی نەبینراودا دەیتوانی ئەم هەموو رستە دوورو درێژە وەها کورتی بکاتەوە:

هەموو ژیانێک، هەموو شارێک و چرکە ساتێکی مێژوو، هەموو مەرگێکیش دوو دیویان هەیە دیوێکی بینراو ودیوێکی نەبینراو یان هاموشۆکردنی ئەو هەموو ناوە زۆرانە لەدەقەکەدا هاتووە بەبی هیچ موبەررێک ئەم نووسینەی من ئەوە ناگەیەنێ کە لە کەمانچە رەشەکەوە دزرابی، دەمەوێ بڵێم کە ئەم رۆمانەی بەختیار داهێنانی کورد نییە، بگرە لەئەدەبی جیهانیدا هەیە.